KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
19-11-2007 16:51بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کاتی ئەجەل هات ناگەڕێتەوە ... حەسەن پێنجوێنی

پێرس - ئوستورالیا

لەم ڕۆژانەدا کەئەم ئایەتەم دەخوێندەوە دیمەنی دانیشتنێکی سەیری دێر یینی وەبیر هێنامەوە.
لەساڵی 1988ز پاش ئەوەی لەدەست بەعسی سۆشیالیست ڕزگارمان بوو، و سنووری دەستکردی نێوان هەردوو کوردستانی ڕۆژهەڵاتی و باشوورمان بڕی لەشاری سنە جێگیر بووین، منیش بووم بە پێشنوێژ لەمزگەوتی خیابان حەسەن ئاوادا، پرسەیەکی گەورە ڕووی داو منیش لەپرسەکەدا بووم، بۆ دڵدانەوەی کەس و کاری مردووەکە هەندی لەبارەی مردن و ئەجەل و کۆتایی هاتنی تەمەنی ئینسانەوە باسم کرد و گوتم:
باشتر وایە ئینسان لەکاتی مردنا ئارامی بەخۆی بدات وخەم و پەژارەکەی نەیگەیەنێتە سنووری ناشکوری، چونکە ئێمە لەبەرامبەر مردنەوە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، حەق وایە ئینسان بیهێنێتەوە یادی خۆی کەئێمەی ئادەمیزاد دواین مەنزڵمان لەدنیادا گۆڕە و دەبی بۆ هەتاهەتایی هەموو خۆشەویستانمان بەجی بێڵین و خوا حافیزی لەژیانی دنیا و هەموو دانیشتوانی بکەین " کُلُّ مَنْ عَلَیْهَا فَانٍ (26) وَیَبْقَی وَجْهُ رَبِّكَ ذُو الْجَلَالِ وَالْإِكْرَامِ " (1) سورە الرحمن. واتە: هەرچی لەدنیادایە دەڕوا و تیا دەچی، و تەنیا ی پەروەردگاری خاوەن ڕێزو دەسەڵاتت دەمێنێتەوە. " کُلُّ شَیْءٍ هَالِكٌ إِلَّا وَجْهَهُ لَهُ الْحُكْمُ وَإِلَیْهِ تُرْجَعُونَ " (2) سورە القیێ/88.. جگە لەخوا کەسێکی تر مانەوەی هەمیشەیی لەم دنیایەدا بۆ نییە، دەسەڵات هەر بۆ ئەوە و دەبی بۆ لای ئەویش بگەڕێنەوە.
بائەوەش باش بزانین کەهیچ هەوڵ و کۆششێك ئەجەل ناگێڕێتەوە، خالیدی کوڕیوەلید خوا لێی ڕازی بێت کاتی لەدواین نەخۆشی ماڵئاواییدا لەسەر جێگەدا کەوتبوو بەزەیی بەخۆیا دەهاتەوە و ڕوو بەوانەی هاتبوون بۆلای دەیگوت: من لەجەنگێکی زۆرا بەشداریم کرد، هیچ شوێنێکی لەشم نەماوەجێگەی برینی شیر وتییرێکی پێوەنەبی - بەڵام لەناو گۆڕەپانی یەکی لەو جەنگانەدا پلەی بەرزی شەهیدیم بەدەست نەهێنا، وا ئێستا لەسەر جێگە دەمرم- ئاوەتە من لەسەرجێگەدا دەمرم، دەك ترسنۆکەکان خەو لەچاویان نەکەوی!! (3) ابن کپیر فی هژە الآیە.
ئەگەر ئەجەل بەبەشداریکردنی جەنگ و گۆڕەپانی شەڕ بوایە دەبوا کەس لەو جەنگانە نەگەڕابایەوە، بەڵام دەبینین کەسانێك لەناو جەنگدان و بەساغی دەگەڕێنەوە، کەسانێکیش لەناو جێگای خۆیاندان و دەمرن " أَیْنَمَا تَكُونُوا یُدْرِكُّمُ الْمَوْتُ وَلَوْ كُنْتُمْ فِی بُرُوجٍ مُشَیَّدَهَ ... " (4) النسا و 78/. واتە: لەهەرکوی بن مردن پێتان دەگات، با لەناو قەڵای قایم و بورجی سەختیشابن. زۆر جار لە هەواڵەکانی رادیۆدا دەبیستین کە فڕۆکەیەکی گەورە لەفلان ناوچەدا کەوتە خوارەوە، و تەنیا دە کەسیان بە سەلامەت دەرچوون، و ئەوانی تر هەموویان مردن. ئێمە دەبی بپرسین: ئەو دەکەسەیان بۆچ نەمردن؟ ئایا جگە لەوە کە بڵێین: ئەوانە ئەجەلیان نەهاتووە بۆیە نەمردوون، چ وەڵامێکی ترمان هەیە؟!
ئێنجا ئەم ئایەتەم خوێندەوە کە دەفەرموی: " وَلَوْ یُؤَاخِذُ اللَّهُ النَّاسَ بِظُلْمِهِمْ، مَا تَرَكَ عَلَیْهَا مِنْ دَابَّهٍ، وَلَكِنْ یُؤَخِّرُهُمْ إِلَی أَجَلٍ مُسَمًّی، فَإِذَا جَاءَ أَجَلُهُمْ لَا یَسْتَأْخِرُونَ سَاعَهً وَلَا یَسْتَقْدِمُونَ " (5) النحل/61. ئەگەر خوا سزای خەڵکی لەدنیادا بدات بەهۆی ئەو گوناهانەوەی دەیکەن هیچ کەسێکی نەدەهێشتەوە کەبەسەر زەویدا بڕوات، بەڵام دوایان دەخات بۆ کاتێکی دیاریکراو (هەرکەس ئەجەلێکی دیاریکراوی هەیەو) هەرکات ئەو ئەجەلەشیان هات نەسەعاتی دوادەکەون و نەپێش. واتەئەجەلیان پاش و پێشی بۆ نییە.
پاش تەواوبوونی قسەکانی من پیاوێکی کورتەباڵای بەساڵا چووی ڕووخۆشی دەم بەخەندەی ئەدیب و ڕۆشنبیر بەناوی شادی موقەددەم گوتی: مامۆستا! لەزەمانی شادا ڕۆژنامە هەواڵێکی بڵاو کردەوە کە:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خانەوادەیەکی کورد بۆ کارو کاسبی دەچنە تاران، پاش ماوەیەك باوکەکە دەمرێت، دوو کوڕ و سێ کەنیشکی لەدوا جێ دەمێنی، دایکەکە بەخزمەتکردنی ماڵان و بێوەژنکۆشی مناڵەکان پێدەگەیەنێت، مناڵ گەورە دەبن، و کوڕە گەورەکەی زۆر زیرەك دەبێ، و لەئیمتیحانی سەری ساڵدا نمرەگەلێکی بەرزو باش دێنێ، دەوڵەت بڕیار دەدات لەسەر حیسابی خۆی لەگەڵ کۆمەڵێ قوتابی ترا بۆ ئەمریکا یان بنێری، و هەموو خەرجییەکیشیان بکێشێت.

خێزانەکە هەموو بەم هەواڵە دڵخۆش دەبن و بە ئارەزوومەندییەوە چاوەڕوانی کاتی سەفەرەکەی دەکەن، کاتی بلیتی فڕۆکە وەردەگرن و تەنیا شەوێکیان ماوە بۆ سەفەر، کوڕەکە بەدایکی دەڵێت: دایە! من ئەمشەو گەرەکمە لەماڵ یەکی لەرەفیقەکانم بم، چونکە بەرەبەیانی زوو دەبی بڕۆین و لێرەوە فریا ناکەوم.

دایکیشی پێی دەلی: کوڕم! تۆ تەنیا ئەم شەو لەم وڵاتە دەبیت، و ئەم شەویش لای ئێمە نامێنیتەوە؟ ئێمەجی دێڵیت، و دەچیت بۆ لای هاوەڵەکانت؟! ئەم قسەیە کار لەدەروونی کوڕەکە دەکات و بە هاوەڵەکانی رادەگەیەنێت: من دەبی ئەمشەو لای دایکم و براو خوشکەکانم بم، و سبەینی زوو پێتان دەگەم.

خێزان ئەو شەوە بەئا رامی دەخەون، دایکەکە لەخەویا وا دەزانی لەناو بازاڕی سەوزە فرۆشیدا خەریکی سەوزەو میوە کڕینە، رادیۆ تاران هەواڵ بڵاو دەکاتەوە و دەڵێت: فرۆکەی فلان هێڵی هەوایی، ژمارە پەروازی ئەوەندە، کە دەیویست بۆ ئەمریکا بچێت، لەناوچەی خوارووی وڵات کەوتە خوارەوە، و هیچ سەرنشینێکی بە سەلامەت گیانیان دەر نەبرد، و هەموویان مردن!!

ئەم هەواڵە بۆ دایکەکە ئەوەند دڵتەزێن دەبێ لەتاوا خەبەری دەبێتەوە، کەدەزانی ئەمە خەوە شایەتمانی دێنێت و تەوبە و ئیستیغفارێك دەکات و دەڵێ: خوایە، هەزارجار سوپاس بۆ تۆ کەئەمە خەوبوو، وا دیارە ئەمە دەلیلێکی گەورەبی بۆ ئەوەی من کوڕەکەم نەنێرم، بەیانی کاتی وەقتی ئەوە دێت کوڕەکەی هەڵبسێنێت، خەبەری ناکاتەوە، و دەڵێت: کاتی کەهەڵسا خەوەکەی بۆ دەگێڕمەوەو دەڵێم کوڕم لەبەر ئەوە خەبەرم نەکردیتەوە.

بەیانی وەك عادەتی خۆی دەچێت بۆ بازار بۆ سەوزە ومیوە کڕین، رادیۆ تاران هەواڵ بڵاو دەکاتەوە و دەڵێت: فرۆکەی فلان هێڵی هەوایی، ژمارە پەروازی ئەوەندە، کەدەیویست بۆ ئەمریکا بچێت، لە ناوچەی خوارووی وڵات کەوتە خوارەوە، و هیچ سەرنشینێکی بەسەلامەت گیانیان دەر نەبرد، و هەموویان مردن!!

ئەم هەواڵە بۆ ئافرەتەکە دوو لایەنی ناخۆش و خۆشی هەبوو: ناخۆش بوو چونکە ئەو هەموو خەڵکەو هاوەڵە خۆشەویستەکانی کوڕەکەی مردوون، خۆشیش بوو چونکە ئەم خەوەی بوو بەدەلیل و نەیهێشت کوڕەکەی بڕوات و لەمردن رزگاری بوو.

کڕینی بازاڕی تەوا و دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ، دەچێتە ژووری کوڕەکەی بۆ ئەوە ی خەبەری بکاتەوە، و ئەم هەواڵەی بداتی، وهۆی خەبەر نەکردنەوەکەیشی پی بڵێت، بانگی دەکات وەڵامی نییە، چەند جارێك بانگی دەکات هیچ ناجوڵێتەوە، سەری بەتانییەکەی لادەبات و دەستی دە گوشی، دەبینی لەشی سارد بووەتەوە، کەڕای دەوەشێنی دەبینی کوڕ گیانی تیا نەماوە، و بەرەحمەتی خواچووە..

گوتی: ماموستا گیان! ئەم هەواڵە کاتیخۆی سەرانسەری ئێرانی راتەکاند و هەژاندی، لەهەموو کۆڕو مەجلیسێکدا باس هەر ئەو باسەبوو. بەڵێ، کاتی مەرگ هات قەڵای پۆڵایین کەس رزگار ناکات.

منیش گوتم: بێگومان فەرموودەی خوا حەققە کەدەفەرموێ: " ﺃَﻳْﻨَﻤَﺎ ﺗَﻜُﻮﻧُﻮﺍ ﻳُﺪْﺭِﻛُّﻢُ ﺍﻟْﻤَﻮْﺕُ ﻭَﻟَﻮْ ﻛُﻨﺘُﻢْ ﻓِﻲ ﺑُﺮُﻭﺝٍ ﻣُّﺸَﻴَّﺪَﺓٍ... " 6- سورە النسا و /78. ) . واتە: لەهەرکوی بن مردن پێتان دەگات، با لەناو قەڵای

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

قایم و بورجی سەختیشا بن.. هەروەها ".. یَقُولُونَ: لَوْ كانَ لَنَا مِنْ الْأَمْرِ شَیْ و مَا قُتِلْنَا هَاهُنَا، قُلْ: لَوْ كُنْتُمْ فِی بُیُوتِكُمْ لَبَرَزَ الَّذِینَ كُتِبَ عَلَیْهِمْ الْقَتْلُ إِلَى مَضَاجِعِهِمْ... " (7) سوره ال عمران/154..
واتە: مونافەقەکان دەیانگوت: ئەگەر ئێمە عەقڵمان هەبوایە بۆ شەڕکردن لەگەڵ خەڵکی مەکەدا نەدەهاتینە دەرەوە، و سەرۆکەکانمان ئا لێرەدا نە دەکوژران، پێیان بڵێ: ئەگەر ئێوە لە ناو ماڵی خۆیشتانا بوونایە، و ئەوانەی ئەجەلیان هاتووە لەسەر جێگەکانییاندا بوونایە هەر دەمردن.
پێرس- ئوسترالیا.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.